# سروشتی مرۆڤ، تاک و کۆمەڵگا

بەشی دووەم: تاک

(٢-٣)

**ئاندرۆ هایوود**

**لە ئینگلیزییەوە: ڕێباز باوزی**



١٣ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٢ توێژینەوە

**- تاک[1]**

**٢-١/٢ سەرەتایەک**

زاراوەی "تاک" لە زمانی ڕۆژانەدا هێندە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکار دەهێنرێت، زۆر جار کاریگەری و دەرکەوتە سیاسییەکەی پشتگوێ دەخرێت. لە ڕوونترین مانادا، تاک بریتییە لە "تاقە مرۆڤێک" سەرەڕای ئەوەش هێشتا چەمکەکە دیوی زیاتر لەخۆ دەگرێت. یەکەم: ئەوە دەگەیەنێت کە تاک بوونێکی

[1] The Individual

ســــەربەخۆ و مانادارە، هەڵگری جۆرێک لە ناســــنامەیە لە خودی خۆیدا، بە واتایەکی دیکە، ڕوانین لە مرۆڤەکان وەک تاک، ئەوە دەردەخات بوونەوەرێلێکی ســەربەخۆ و ئۆتۆنۆمن. واتا بەپێی خواســتی کەســی مامەڵە دەکەن، نەک وەک ئەندامی گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان جەســـتەیەکی هەمەکی. دووهەم: تاکەکان هەر ســەربەخۆ نین، بەڵکوو جیاواز و دانسقەشـن. ئەمەش بۆ نموونە زاراوەی "تـاکێتی - Individuality" ئـامـاژەی پێ دەکـات، کە هەر مرۆڤێک دۆخێکی تـایبەت و دانســـقەی هەیە. بۆیە وێنـاکردنی کۆمەڵگە وەک کۆمەڵێک تـاک، تێگەیشـــتنە لە مرۆڤەکان بە زاراوەی کەســـی و حوکمدانیانە بەپێی ســـیفەتە تایبەتەکانیان، وەک کارەکتەر و کەســـییەتی و بەهرە و توانســـتیان... بۆیە هەر تاکێک شووناسێکی تایبەتی هەیە.

سـێهەم: تێگەیشـتن لە مرۆڤ وەک تاک، بریتییە لە باوەڕبوون بە گشـتگیرێتی، بـاوەڕکردن بەوەی مرۆڤەکـان لە هەر کوێیەک بن، هەنـدێـک تـایبەتمەنـدیی بتەڕەتی و هـاوبەش بە یەکیانەوە دەبەســـتێتەوە، لەم ڕوانگەوە تـاکەکـان بە پاشـــخانی کۆمەڵایەتی و ڕەگەز و ئایین، یا "قەدەری لەدایکبوون– Accident of birth" پێناســـە ناکرێن، بەڵکوو بەو تەیبەتمەندییانەی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هاوبەشی پێدەکەن وەک: بەهای ئەخلاقی و شـوونـاسـی کەسـی و دانسـقەییان پێناسە دەکرێن.

چەمکی تـاک یەکێکە لە بەردی بنـاغەکـانی کولتووریی ســـیاســـیی خۆراوا، هەرچەندە خودی زاراوەکە لە ســـەدەی حەڤدەوە بەکارهاتووە، بەڵام ئەوەندە ئاشـــنا بووە کە بێ گۆڕانکاری جێکەوت بووە، ســـەرباری ئەوەی چەمکەکە بووەتە جێی مشـــتومڕی فەلســـەفی و دابەشـــبوونی ئایدۆلۆژی قووڵی لێ کەوتۆتەوە. بۆ نموونە بـاوەڕبوون بە تـاک و پـابەنـدبوون بە تـاکگەراییەوە واتای چییە؟ ئایا تاکگەرایی شـێوازێکی ڕوون و جیاوازیی بیری سیاسییە، یان دەتوانرێت بۆ پشـتگیریکردن لە کۆمەڵێک هەڵوێسـت و سـیاسـەتی بەرفراوان بەکار بهێنرێت؟ جگە لەوەش هیچ بیرمەندێکی ســیاســی وەها تاک نابینێت کە بوونەوەرێکی تەریک و پشتبەخۆبەستوو بێت، هەموویان کۆکن کە تا ڕادەیەک هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەســـەر تاک هەیە، بەڵام هاوســـەنگیی نێوان تاک و کۆمەڵگا لە کوێدایە و پێویسـتە لە کوێدا بێت؟ لە کۆتاییدا تاکەکان لە ژیانی سـیاسـیدا تا چەند گرنگن؟ ئایا سـیاسـەت لە کەتوارەکیدا بە بڕیار و کردەوەی تاکە جیاوازەکان لە قاڵب دەدرێت، یان تەنیا گرووپ و ڕێکخرا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان گرنگن؟ بە کورتی ئـایـا تـاک دەتوانێت جیـاوازی دروست بکات؟

## ٢-١/٢ تاکگەرایی[2]

تـاکگەرایی هەر تەنیـا واتـای بـاوەڕبوون بە بوونی تـاکەکـان نییە، بەڵکوو ئاماژەیە بۆ بیرێک وەک سـەروەریی تاک بەسـەر هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان دەسـتەجەمعیدا، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە تاک ناوەندی هەر تیۆرێکی سیاسی یان لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتییە. بەڵام تاکگەرایی سیمایەکی سیاسیی ڕوونی نییە، هەرچەندە زۆر جار بەستراوەتەوە بە نەریتی لیبراڵی کلاسیکی و بیرۆکەکانی وەک حکوومەتی سـنووردار و بازاری ئازاد. بەڵام بۆ پاسـاوی دەسـتیوەردانی دەوڵەتیش بەکارهاتووە و لە هەمان کاتدا مایەی ڕەزامەندی سـۆسـیالیسـتەکانیش بووە. بۆ نموونە هەندێک لە بیرمەندان تاکگەرایی و کۆلێکتیڤیزم وەک دژە جەمسـەری دەبینن، کە نوێنەرایەتی هێڵە شـەڕە تەقلیدییەکانی نێوان سـەرمایەداری و سۆسـیالیزم دەکەن، بەڵام هەندێکی دیکە پێیـان وایە ئەم دووانە تەواوکەری یەکن و تەنـانەت لەیەکتر جیـا نـاکرێنەوە، ئامانجە تاکە کەسـییەکان تەنیا لە ڕێگەی کردەوەی بەکۆمەڵەوە دەتوانرێت بەدی بهێنرێن. کێشـەکە ئەوەیە، کە هیچ هاوئاهەنگییەک و ڕێککەوتنێک لەسـەر سـروشـتی تاک نییە، هەموو ڕێبازە تاکگەراییەکان کار لەسـەر بەهای ناوەکی تاک دەکەن، جەخت لەسـەر شـکۆ و بەهای کەسـی و تەنانەت پیرۆزی هەر تـاکێـک/مرۆڤێـک دەکەنەوە، لێ ئەوەی لەسـەری نـاکۆکن ئەوەیە کە چۆن دەتوانرێت ئەم سیفەتانە بە باشترین شێوە درک بکرێت.

لیبراڵە سـەرەتـاییەکـان تـاکگەراییی خۆیـان لە شـێوەی بـاوەڕی مـافە سروشتییەکاندا دەردەبڕی، کە پێیان وابوو مەبەست لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی پاراستنی مافە بێبەشکراوەکانی تاکە، بۆ نموونە دەتوانرێت تیۆریی گرێبەستی کۆمەڵایەتی وەک جۆرێک لە تاکگەراییی سـیاسـی وێنا بکرێت. حکوومەت لە ڕەزامەندیی تاکەکەسـیی هاووڵاتییانەوە سـەر هەڵدەدات و ڕۆڵی حکوومەتیش سـنووردارە بە پاراسـتنی مافەکانیان. بەڵام ئەگەر ئەم فۆڕمەی تاکگەرایی لەوپەڕی لۆجیکییەوە سـەیر بکەین، دەتوانێت کـاریگەریی ئـازادیخوازانە و تەنانەت ئەنارکیسـتیشـی هەبێت، بۆ نموونە تاکگەراکانی سـەدەی نۆزدەهەمی ئەمریکی وەک هێنری دەیڤد تۆرۆ (١٨١٧-١٨٦٢) و بنیـامین تـاکەر ( ١٨٥٤-١٩٣٩) پێیان وابوو کە نابێت هیچ تاکێک ویژدانی خۆی بکاتە قوربانیی حوکمی

[2] Individualism

سیاسەتمەداران. چونکە هەڵبژێردراوان نکوولّی لەوە دەکەن دەستەڵاتی درووست و شایستە بەسەر تاکدا بەکار بێنن.

هەروەها ئەم نەریتە تاکگەرایییە دژە ستاتیزمە پەیوەندییەکی نزیکی بە بەرگریکردن لە سەرمایەداریی بازاڕەوە هەبووە، ئەم جۆرە لە تاکگەرایییە بەگشتی لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە تاکەکانی مرۆڤ پشتبەخۆبەستوو و بەرژەوەندیخوازن. سی.بی.ماکفێرسۆن (١٩٧٣) ئەمەی بە "تاکگەرایی خاوەندارییەتی" ناوزەد کردووە، وای پێناسەی چەمکی تاک کردووە، کە لە بەڕەتدا خاوەنی سەربەخۆیی توانست و خودی خۆیەتی، بۆیە هیچ شتێک قەرزداری کۆمەڵگاکەی نییە. ئەگەر تاکەکان لە بنەڕەتدا خودخواز بن و بەرژەوەندیی خۆیان بخەنە پێش ئەوانی دیکە و کۆمەڵگا، ئەوا تاکگەرایی ئابووری بەڕوونی بەستراوەتەوە بە مافی خاوەندارییەتیی تایبەت، ئازادیی بەدەستهێنان و مافی موڵکایەتی و ئەوەی تاک هەڵیبژێرێت. بۆیە تاکگەرایییەکی لەم شێوەیە بە تایبەت لە ئەمریکا و بەریتانیا بوو بە ئامرازێکی گرنگ بۆ ئەو کەسانەی بڕوایان بە (Laissez-faire Capitalism)[3] سەرمایەداریی ئابووریی ئازاد هەبوو.

ئەو یاسایانەی کە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێک دەخەن، بە دیاریکردنی ئاستی مووچە، کاتژمێرەکانی کارکردن، دەستێوەردان لە بارودۆخی کارکردن یان پێشکەشکردنی یارمەتییەکان و خانەنشینی، لەم ڕوانگەیەوە مەترسین بۆ سەر تاکگەرایی. ئەگەرچی زۆر جار لە باوەڕی تاکگەراییدا کاریگەریی زۆر جیاواز وەرگیراوە، بۆ نموونە لیبراڵە مۆدێرنەکانی وەک تۆماس هیڵ گرین (١٨٣٩-١٨٨٢) و لیۆناردۆ هۆبهاوس (١٨٦٤-١٩٢٩) تاکگەراییان وەک بنیاتنانی ئارگیۆمێنتێک بەکار هێنا بۆ خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و دەستێوەردانی دەوڵەت. ئەوان بڕوایان بە بیری تەسکی بەرژەوەندیخوازی تاک نەبوو، بەڵکوو وەک بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و خەمێکی هاوبەش و خۆنەویستی بۆ هاوچەشنەکانی خۆیان دەبینی. ئامانجی سەرەکیی ئەوان ئەوە بوو کە جۆن ستیوارت میل ناوی نابوو (تاکایەتی –Individuality) توانستی هەر تاکێک بۆ بەدەستهێنان و جێبەجێکردنی هەر لێهاتوویەکی بیەوێت، بۆیە تاکگەرایی لە ڕێبازی ویستی تاکەوە گۆڕا بۆ فەلسەفەی گەشەپێدانی تاک، تاکگەرایی خودخوازی شوێنی خۆی بۆ تاکگەرایی گەشەسەندوو چۆڵ کرد. لە ئەنجامدا لیبراڵە مۆدێرنەکان جۆرێک لە ئامادەگییان پیشاندا بۆ پشتگیریکردنی

[3]تیۆری لایسێز، فەلسەفەیەکی ئابووریی سەرمایەداریی بازاڕی ئازادە، دژی دەستێوەردانی حکوومەتە لە کاروباری بازاڕدا، ئەم تیۆرییە لەلایەن فیزۆکڕاتەکانی فەڕەنساوە لە ماوەی سەدەی هەژدەدا پەرەی پێدرا، لایسێز بانگەشەی ئەوە دەکات کە سەرکەوتنی ئابووری کاتێک دەگاتە بنبەست کە حکوومەتەکان بەژدار دەبن لە بازرگانی و بازاڕەکاندا. (وەرگێڕ)

کردەوەکانی حکوومەت بە مەرجی پێشـــخســـتنی یەکســـانی دەرفەتەکان و پاراســـتنی تاک لە خراپەکارییە کۆمەڵایەتییەکان کە دەبنە هۆی شـــێواندنی ژیـانیـان، وەک بێکـاری و هەژاری و نەخوێندەواری، هەمـان ئـامـانجیش لای سۆسیالیستەکان مەرجی قبووڵکردنی چەمکی تاکگەرایی بوو. ئەگەر مرۆڤەکان وەک ســـۆســـیالیســـتەکان دەڵێن، بە شـــێوەیەکی ســـروشـــتی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵخواز بن، ئەوا تاکگەرایی نوێنەرایەتی تاکی خودخواز و بەرژەوەندیخواز ناکات، بەڵکوو ئامانجی هاریکاری و برایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتییە. هەر لەبەر ئەمەشە سۆسیالیستی فەرەنسی ژان ژارێ (١٨٥٩-١٩١٤) دەڵێت [سۆسیالیزم تەواکەری لۆژیکی تاکگەراییە]. بیرمەندانی ڕێگەی ســـێیەمی مۆدێرنی وەک ئەنتۆنی گیدنز (١٩٩٤) هەوڵی نێوەندگیرییەکی هاوەشـــێوەیان دا لە خواســـتنی بیرۆکەی تاکگەرایی "نوێ"دا، کە جەخت لەوە دەکاتەوە تاکە ســـەربەخۆکان لە چێوارچێوە و وابەســـتەگییەکی هاوبەشـــدا کار دەکەن، بەڵام تاکگەرایی تەنیا وەک بنەمایەکی پێوانەیی گرنگ نییە، بەڵکوو بە شـــێوەیەکی بەرفراوان وەک بگەڕێکی میتۆدۆلۆژی بەکـار هـاتووە. بە واتـایەکی تر تیۆرییە کۆمەڵایەتی و ســیاســییەکان لەســەر بنەمای مۆدێلێکی پێشــوەختەی جێگیرکراوی تاک بنایت نراون، بە لەبەرچاوگرتنی هەر پێداویســتییەک، پاڵنەرێک، خولیا و ئارەزوویەک کە تـاک خـاوەنی بێـت. ئەم جۆرە "تـاکگەراییە میتۆدۆلۆژییە" لە ســـەدەی حەڤدەهەمدا بۆ بنیاتنانی تیۆریی گرێبەســـتی کۆمەڵایەتی بەکار هێنرا و لە سەدەی بیستەمدا بوو بە بنەمایەک بۆ مۆدێلی هەڵبژاردنی عەقڵانییەتی زانستی ســـیاســـی. میتۆدی تاکگەرایی بنەمای تیۆرییە ئابوورییە کلاســـیک و نیو-کلاســـیکییەکلان بووە، لە ســـەردەمی مۆدێرندا لەلایەن نووســـەرانی وەک (هایک)ەوە پاڵپشتی کراوە. بۆیە دەرەنجامی گریمانەکان پەیوەست بە سروشتی مرۆڤی جێگیر و نەگۆڕ وەرگیراون، بەزۆری توانـای ڕەفتـاری عەقڵانی و خودخوازی مرۆڤ دەخـاتە ڕوو. بەڵام کەموکوڕیی تـاکگەرایی میتۆدۆلۆژی ئەوەیە، کە هەم نـاکۆمەڵایەتییە و هەمیش نـامێژووییە، تـاکگەراکـان تیۆرییە ســیاســییەکانیان لەســەر بنەمای مۆدێلێکی پێشــوەختە لە ســروشــتی مرۆڤ دامەزراندووە، بۆیە ئەو ڕاستییە

پشتگوێ دەخەن کە ڕەفتاری مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکەوە و لە قۆنـاغێکی مێژووییەوە بۆ قۆنـاغێکی دیکە دەگۆڕێـت. ئەگەر هۆکـارە مێژووی و کۆمەڵایەتییەکان ناوەڕۆکی ســروشــتی مرۆڤ لە قاڵب بدەن، وەک لایەنگرانی تیۆرییەکانی "پەروەردە" پێشـــنیاری دەکەن، ئەوا دەبێت تاک وەک بەرهەمی کۆمەڵگا سەیر بکرێت نەک بە پێچەوانەوە.

## لیبڕالیزم[4]

بیرۆکە لیبڕاڵییەکان لە ئەنجامی دارمانی فیوداڵیزم لە ئەورووپادا سەریان هەڵدا، لە شوێنی ئەودا کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری بازاڕ هاتە ئاراوە. لیبڕالیزم لە سەرەتاییترین فۆڕمی خۆیدا ڕێبازێکی سیاسی بوو دژ بە ڕەهاگەرایی و شانازیی دەرەبەگایەتی، لە بری ئەوە بانگەشەی بۆ حکوومەتێکی دەستووری و نوێنەرایەتی دەکرد. تا سەدەی نۆزدەهەم بیری سیاسیی لیبڕاڵ جیاواز پەرەی سەندبوو، کە لایەنگری فەزیلەتی سەرمایەداریی "لایسێز-فەیر"ی دەکرد و هەموو جۆرە دەستێوەردانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەلایەن حکوومەتەوە شەرمەزار دەکرد. ئەمەش بوو بە ناوەندی لیبڕالیزمی کلاسیکی، یان سەدەی نۆزدەهەم. بەڵام لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەمەوە فۆڕمێک لە لیبڕالیزمی کۆمەڵایەتی سەری هەڵدا، کە بە شێوەیەکی لەبارتر تەماشای چاکسازی خۆشگوزەرانی و بەڕێوەبردنی ئابووری دەکرد. ئەمەش بوو بە تەوەری تایبەتمەندیی مۆدێرن، یان لیبڕالیزمی سەدەی بیستەم.

بیری لیبڕاڵ تایبەتمەندە بە پابەندبوون بە تاکگەراییەوە، بیروباوەڕێک کە ئاماژەیە بۆ پشتگیرییەکی بەهێزی ئازادیی تاک. لە ڕوانگەی لیبڕاڵەوە تاکەکان بوونەوەری عەقڵانین و شیاوی زۆرترین و گەرەترین ئازادین، ئازادییەکی چوونیەک بۆ هەموو هاووڵاتییان. لیبراڵیزمی کلاسیک بەوە جیا دەکرێتەوە کە کەمترین متمانەی بە "دەوڵەت" هەیە، کە ئەرکەکەی سنووردارە بە نەزمی نێوخۆیی و ئاسایشی کەسی. لیبڕاڵە کلاسیکییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا خودخواز و خۆبەڕێوەبەرن، بە ڕادەیەک دەتوانن بەرپرسیار بن لە ژیان و بارودۆخی خۆیان. لە ئەنجامدا لیبڕاڵەکان چاویان لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مێریتۆکراتی(شیاوەمەزنی-Meritocracy) بوو کە تێیدا پاداشتەکان لەسەر بنەمای بەهرەی تاک و ماندووبوون دابەش بکرێن. وەک ڕێبازێکی ئابووری، لیبڕاڵیزمی کلاسیکی پەسەندی بازاڕێکی خۆ-بەڕێوەبەری دەکات، کە دەستێوەردانی حکوومەت هەم ناپێویستە و هەم زیانبەخشە. بیرۆکەی لیبڕاڵە کلاسیکییەکان بە ڕوونی لە هەندێک تیۆری مافی سروشتی و سوودگەراییدا دەربڕدراون و بەردی بناغەی نەریتی سیاسیی ئازادیخوازانەن.

بەڵام لیبڕاڵیزمی مۆدێرن هەڵوێستێکی هاوسۆزانەتری بەرانبەر بە دەوڵەت هەیە، ئەم گۆڕانکارییانە لە کاتێکدا لەدایک بوون، کە سەرمایەداریی پیشەسازی تەنیا فۆڕمێکی نوێی نادادپەروەری هێناوەتە کایەوە و بەشێکی زۆری خەڵکی

[4] Liberalism

خســـتۆتە ژێر کاریگەریی چەواشـــەکارییەکانی بازاڕەوە، ئەمەش بووە هۆی پەیدابوونی لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی یان خۆشــگوزەرانی، کە تایبەتمەندە بەوەی دەســـتێوەردانی دەوڵەت دەتوانێت ئازادی بەرفراوان بکات و تاکەکان لە خراپە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزێت کە بوونیان دەخاتە ژێر مەترسییەوە.

بنەمای تیۆری گواســـتنەوە لە لیبراڵیزمی کلاســـیکەوە بۆ لیبراڵیزمی مۆدێرن، پەرەپێدانی دیدێکی نوێ و ئەرێنی بۆ ئازادی تاک، لە کاتێکدا کلاســـیکەکان ئازادی بە زاراوەیەکی نەرێنی تێگەیشــتبوون، وەک نەبوونی ســنووردارکردنی دەرەکی لەســەر تاک، لیبراڵە مۆدێرنەکان ئازادیان بە گەشــەســەندنی کەســی و خود-ناســـییەوە بەســـتەوە. ئەمەش تەوکارییەکی ڕوونی لە یوان لیبراڵیزمی مۆدێرن و سۆشیاڵ-دیمۆکراسیدا دروست کرد. بێگومان لیبراڵیزم گرنگترین توخم بووە لە نەریتی سیاسیی خۆرئاوادا.

لە ڕاســـتیدا هەندێک کەس لیبراڵیزم بە گرنگترین تووخمی شــــارســـتانییەتی خۆرئاوا لە قەڵام دەدەن، یەکێک لە واتاکانی ئەوەیە کە لیبراڵیزم هەوڵدەدات هیچ چەمکێکی تـایبەت بۆ ژیـانی بـاش دیـاری نەکـات، بەڵکوو هەلومەرجێک برەخســـێنێت کە تاک و گرووپەکان بتوانن خۆیان کەشـــفی ژیانی باش بکەن، وەک ئەوەی هەر یەکەیان پێناســـەیەکی بۆ دەکەن. فەزڵی گەورەی لیبراڵیزم پـابەنـدبوون و هەوڵی بێوچـانییەتی بە ئـازادیی تـاک و هەڵکردوویی و تۆلێرانســـەوە. ســـەرەڕای ئەوەش ڕەخنەکـان لە لیبراڵیزم لە ئـاڕاســـتەی جۆراوجۆرەوەن، مارکســـیســـتەکان ڕەخنەیان لە پابەندبوونی لیبراڵ بە مافی مەدەنی و یەکســـانی ســـیاســـییەوە گرتووە، چونکە کەتواری دەســـتەڵاتی نایەکســـانیی چینایەتی پشـــتگوێ دەخات. فێمینیســـتەکانیش دەڵێن، تاکگەرایی بێگۆڕان لەســـەر بنەمای نۆرم و پێوەرەکانی پیاو لێک دەدرێتەوە، کە ڕەوا بە نـایەکســـانیی جێندەری دەدات. هەروەهـا کۆمۆنیتـارییەکـان(کۆمۆنیتـاریزمی) لیبراڵیزم بەوە ئیـدانە دەکەن کە وێنەیەکی نـاکۆمەڵایەتی و نـاکولتووری بۆ "خود" دەکێشـــن و نەیتوانیوە بنەمایەکی ئەخلاقتی بۆ پابەندی کۆمەڵایەتی و هەوڵی بەکۆمەڵ، دابین بکات.

### بیرمەندە سەرەکییەکان: پەیوەست بە لیبراڵیزمەوە

***جۆن لۆک** (١٦٣٢-١٧٠٤) لۆک بە بەردی بنـاغەی بیری لیبراڵی دادەنرێـت، پشـــتگیریی لەوە دەکرد کە حکوومەت لە ڕێککەوتن و ڕەزامەنـدیی فەرمانڕەواکانەوە ســـەر هەڵدەدات، کە لە تیۆریی "گرێبەســـتی کۆمەڵایەتی"دا

هێڵکاری کراوه. لەم بۆچوونەدا مەبەسـت لە حکوومەت پاراسـتنی مافە سروشتییەکانە، بۆ لۆک مافە سروشتییەکان بریتیبوون لە "مافی ژیان، ئازادی و مافی ماڵ و موولکداری" بەڵام کاتێک حکوومەت مەرجەکانی گرێبەسـتەکەی دەشـکێنێت، ڕەوایەتی دەبێتە هەڵم و خەڵک مافی یاخیبوونی هەیە. لیبڕالیزمی لۆکی بنەمای سـنووردارکردنی حکوومەت و نوێنەرایەتی و دەسـتوورخوازی دانا، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شۆڕشی ئەمریکا هەبوو.

*__جۆن ستیوارت میل__ (١٨٠٦-١٨٧٣) گرنگیی میل بۆ لیبڕالیزم تا ڕادەیەکی زۆر لەسـەر بنەمای بنیاتنانی تیۆرێکی لیبڕاڵە، کە بە شـێوەیەکی یەکسـان لەسـەر لەسـەر بنەمـای فەزیلەتەکـانی ئـازادی دامەزراوە. پێچەوانەی بیرۆکەکـانی پێشتری وەک مافە سروشتییەکان و سوودگەرایی، چەمکە سەرەکییەکەی میل بـۆ [مـرۆڤ وەک بـوونەوەرێکی پێشـکەتووخـواز] وای لـێ کـرد لە لە دەسـتێوەردانخوازی پاشـەکشـە بکات، بەڵام جۆرێک لە هاندان بوو بۆ پەرەپێدانی چەمکی "تاکایەتی" کە پێداگرە لەسەر ئاسۆی گەشەسەندنی مرۆیی و بناغەیەکی گرنگ بۆ بیری لیبڕاڵی مۆدێرن دابین دەکات.

* __تۆماس هیڵ گرین__ (١٨٣٦-١٨٨٢) فەیلەسـووف و تیۆریسـتێکی کۆمەڵایەتی بەریتـانی بوو، گرین تیشـکی خسـتەسـەر سـنوورەکانی بیری لیبڕاڵە سـەرەتاییەکان و بە تایبەتیش لایسـفێر بە سـوودوەرگرتن لە (کانت و هیگڵ). جەختی خسـتە سـەر سـنوورەکانی ڕێبازی ئازادیی (نەرێنی) و پەرەپێدان و بەرگریکردن لە ئازادیی (ئەرێنی)، کە یارمەتیی لیبڕالیزمی دا بۆ گەیشـتن بە جۆرێـک لە جێگیربوون پەیوەسـت بە خۆشـگوزەرانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. گرین کـاریگەرییەکی گرنگی هەبوو لەسـەر گەشـەسـەندنی لیبڕالیزمی نوێ لە بەریتانیا. بەرهەمە سـەرەکییەکانی بریتین لە (وتـارەکان لەسەر بنەمای پابەندبوونی سیاسی و پرۆلێگۆمینا بۆ ئەخلاق).

* __ئیشـایـا بەرلین__ (١٩٠٩-١٩٩٧) بەرلین پەرەی بە فۆرمێکی لیبڕالیزمی فرەیی(پلووڕالیستی) دا، کە لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە دژە-کامڵیەتە دامەزراوە کە ململانیی بەهـاکـان توخمێکی نـاوەکی و لانەبراون لە ژیـانی مرۆڤدا. بۆیە پێویستە ڕێکخستنە سیاسییەکان هەوڵی دەستەبەرکردنی زۆرترین بوار بدەن، بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن بە دوای ئـامـانجە جیاوازەکـانیـاندا بگەڕێن. بەرلین پشتگیری لە ئازادیی نەرێنی دەکرد، وەک لە ئازادیی ئەرێنی، بەو پاساوەی کە ئەوەی دووهەمیان کاریگەریی یەکگەرایی و تاکڕەوانەی هەیە.

* __جۆن ڕاوڵز__ (١٩٢١-٢٠٠٢) ڕاوڵز گرنگترین فەیلەسـووفی لیبڕالی نیوەی دووهەمی سـەدەی بیسـتەم بوو، تیۆرییەکەی بریتی بوو لە (دادپەروەری وەک

ڕەوایەتی- Justice as Fairness) نەک هەر هەڵاواردنی ڕەگەزی و سێکسی و ئایینی سەرکۆنە دەکات، بەڵکوو زۆر جۆری نایەکسانی و کۆمەڵایەتی ڕەت دەکاتەوە. فۆڕمی یەکسانیخوازانەی لیبڕالیزمی ڕاوڵز کاریگەرییەکی قووڵی بەگشتی لەسەر فەلسەفەی سیاسی هەبووە و بەژدارییەکی بەرچاوی لە هەردوو لیبڕالیزمی مۆدێرن و کۆمەڵایەتیدا هەبووە (نەریتە سیاسییە دیمۆکراتییەکان).

## ٢-٣/٢ تاک و کۆمەڵ

پشتگیرییەکان بۆ تاکگەرایی هێندەش گشتگیر و بەربڵاو نەبوون، هزری سیاسی لەبارەی پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگاوە، دابەشکارییەکی قووڵی پێوە دیار بوو؛ بە تایبەت ئایا دەبێت تاک هان بدرێت بۆ سەربەخۆیی و پشتبەخۆبەستن، یان ئەمە هاودەنگی کۆمەڵایەتیی نەشیاو دەکات و تاکەکان گۆشەگیر و دابڕاو دەهێڵێتەوە؟

لایەنگرانی هەڵوێستی پێشوو بە شێوەیەکی گشتی بەشدارییان لە نەریتی تاکگەرایی (ئینگلیز-ئەمریکی) کردووە، کە لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا "هێربێرت هووڤەر"ەوە بە (تاکگەرایی سەخت/توووند) وەسف کراوە. دەکرێت ئەم ئەم نەریتەوە وەک فۆڕمێکی توندڕەویی تاکگەرایی بیری لێ بکرێتەوە، کە ڕەگ و ڕیشەکەی لە لیبڕالیزمی کلاسیکیدا دەبینرێت. تاک بە نزیکەیی وەک پێکهاتەیەکی تەواو جیاواز لە کۆمەڵگا دەبینێت و بەم پێیەش بەهای کۆمەڵگا کەم دەکاتەوە. لەسەر جۆرێک باوەڕ دامەزراوە کە تاکەکان نەک هەر خاوەنی توانای هەوڵی بێوچان و پشتبەخۆبەستووین، بەڵکوو تاک سەرچاوەی گەشەسەندنی ئەخلاقی و کەسییە. ئینجیلی ئەم نەریتە تاکگەراییە بریتییە لە (خوود-یارمەتی) ساموێل سمایلز(١٨٥٦)، کە دەریخستووە [ڕۆحی خۆبەخشی، ڕەگی هەموو گەشەیەکی ڕاستەقینەیە لە تاکدا]. سمایلز (١٨١٢-١٩٠٤) ستایشی فەزیلەتەکانی سەردەمی ڤیکتۆریا دەکات لە دامەزراوەیی و جێبەجێکردن و خۆڕاگری، کە بنەمای باوەڕێک بوو دەیگوت: "وزە زیاتر لە بلیمەتی بەدەست دەهێنرێت، لە کاتێکدا هاریکاریی یەکتر پەرە بە گەشەی دەروونی و ئەخلاقی تاک دەدات و لە ڕێگای بەرەوپێشبردنی ڕۆحی کارگێڕییەوە، سوود بە هەموو نەتەوە دەگەیەنێت". یارمەتیی "دەرەکی/ دەستەڵات و حکوومەت" کە سمایلز مەبەست لێی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی بوو، تاک لاواز دەکات و هیچ جۆرە هاندانێک بوونی نامێنێت و تەنانەت  بیر لە کارکردنیش ناکاتەوە. ئەم جۆرە دەربڕینانە بەرزترین ئاستی خۆیان لە داروینیزمی کۆمەڵایەتیی هێربێرت

سـپێنسـەر و لایەنگرانیـدا دۆزییەوە، بۆ ئەوان تـاکگەرایی شـێوەیەکی بـایۆلۆژییـانەی خەبـات بوو بۆ مـانەوە و لەنێوان هەموو تـاکەکـانـدا هەبوو، ئەوانەی بە سـروشـت گونجاون بۆ مانەوە، سـەرکەوتوو دەبن و لاواز و تەمبەڵەکانیش شـکسـت دێنن. ئەم جۆرە ئایدیایانە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسـەر بیری ڕاسـتڕەوی-نوێ هەبووە، بەتایبەتی هەڵوێسـت بەرانبەر بە دەوڵەتی خۆشـگوزەرانی. ڕاسـتڕەوی نوێ لە سـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابردوودا لە ڕێگەی (ڕێگانیزم/ ڕێبازی ئابووریی ڕۆناڵد ڕێگان) لە ئەمریکا و (تـاچەریزم/ مـارگرێت تـاچەری سـەرۆک وەزیرانی ئەوکـاتی بەریتـانیا) لە بەریتانیا پێشـکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، بەتایبەت ڕاسـتڕەوە نوێکان هێرشـیان دەکردە سـەر ئەو کولتوورە پاشـکۆیاتییەی کە گوایە دەوڵەتی خۆشگوزەران دروستی کردبوو.

بۆیە هەژار و لاواز و بێکارەکان، کرابوونە قوربانیی خۆشگوزەرانی، ئارەزووی کارکردنیان لێ زەوتکرابوو و نکووڵی شکۆ و ڕێزیان دەکردن. لەم ڕوانگەیەوە چارەسەری پێویست ئەوەیە گۆڕانکاری لە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە بۆ بەرپرسـیاریەتیی تاکەکەسـی بکرێت، هانی خەڵک بدرێت لەسـەر پێی خۆیان بووەسـتن. ئەمە لە هەشـتاکانی سـەدەی ڕابردوودا لە داڕشـتنەوەی سیسـتمی یارمەتییەکانی ئەمریکا و بەریتـانیادا ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە، بۆ نموونە کەمکردنەوەی ئـاسـتی یـارمەتییەکـان، جەختکردنەوەیەکی زیـاتر لەسـەر تـاقیکردنەوەی ئـامرازەکـان و هەوڵـدان بۆ ئەوەی وەرگرتنی یـارمەتییەکـان بە مەرج بێت لەسـەر بنەمای ڕاهێنان یان ئەنجامدانی کار. بەڵام ڕەخنەگرانی ئەم جۆرە سـیاسـەتە ئاماژە بەوە دەکەن تا ئەوکاتەی نایەکسـانیی کۆمەڵایەتی و بێبەشـکردن بەردەوام بێت، ئەسـتەمە بە تەواوەتی بزانین چۆن دەتوانرێت تـاکەکـان بەرپرسـیار بن لە بـارودۆخ و ژیـانی خۆیـان، بۆیە ئەم هێڵە لە ئارگومێنتسـازییە سـەرنج لە تاک دوور دەخاتەوە و بەرەو کۆمەڵگا ئاڕاسـتەی دەکات. کۆمەڵێکی بەرفراوان لە بیرمەندانی سـیاسـیی وەک سـۆسـیالیسـت، کۆنزەرڤاتیڤ و ناسـیۆنالیسـتەکان و لە هەمووی گرنگتر فاشـیسـتەکان لە بـارودۆخی جیـاوازدا خۆیـان وەک دژە-تـاکگەرایی وێنا کردووە، لە زۆربەی دۆخەکاندا دژەتاکگەرایی لەسـەر بنەمای پابەندبوون بە گرنگی کۆمەڵگە و ئەو باوەڕە دامەزراوە کە پشـتبەخۆبەسـتن و بەرپرسـیاریەتیی تاک هەڕەشـەن بۆ سـەر هاودەنگی کۆمەڵایەتی. ڕەنگە بە شـێوەیەکی گشـتی "کۆمەڵگە" ئاماژە بێت بۆ کۆمەڵێک کەس لە شـوێنێکی دیاریکراودا، یا دانیشـتووانی شـارۆچکەیەک یا شـارێک و نەتەوەیەکی دیاریکراو وەک کۆمەڵگەیەک وەسـف بکرێن. بەڵام لە بیری کۆمەڵایەتی و سـیاسـیدا بەگشـتی ئەم زاراوەیە کاریگەرییەکی قووڵتری

هەیە، ئاماژەیە بۆ گرووپێکی کۆمەڵایەتی، گەڕەکێک، شارۆچکەیەک، ناوچەیەک، کۆمەڵێک کرێکار یا هەر شتێکی دیکە دەکات، کە پەیوەندییەکی بەهێز و ناسنامەیەکی بەکۆمەڵ بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە. بۆیە کۆمەڵگایەکی ڕاستەقینە بە پەیوەندیی هاوڕێیەتی و دڵسۆزی و ئەرک جیا دەکرێتەوە. بەو مانایە کۆمەڵگە ئاماژەیە بۆ ڕەگ و ڕیشە کۆمەڵایەتییەکانی شووناسی تاک.

لەنێو ڕەخنەگرانی هاوچەرخی تاکگەراییی لیبرڕاڵدا، تیۆریستە کۆمەڵایەتییەکان هەبوون، کە جەخت لەسەر گرنگی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان یان بەکۆمەڵەکان دەکەنەوە، بەوەی شتێک نییە بە ناوی (تاکی بێ ئەرک) بۆیە هەمیشە تاک بەرهەمی کۆمەڵگایە. جێگای ڕامان نییە کە سۆسیالیستەکانیش گرنگییان بە کەیسی کۆمەڵگا داوە و وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی وزە بەکۆمەڵەکان تەماشای دەکەن. هەر لەبەر ئەمەشە کە سۆسیالیستەکان زۆرجار تاکگەرایی ڕەت دەکەنەوە، بەتایبەت کاتێک بە شێوەیەکی بەرتەسک بەستراوەتەوە بە سوودخوازی و پشتبەخۆبەستوویی. هەرچەندە سۆسیال دیمۆکراتە مۆدێرنەکان دان بە گرنگی کاری تاکەکەسی و کێبرکێی بازاڕدا دەنێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدوای هاوسەنگییەکدا دەگەڕێن لە بەرانبەر هەستی هاریکاری و مرۆدۆستی تاک، کە تەنیا کۆمەڵگە داتوانێت بەرهەمی بهێنێت و ڕێکی بخات. هەروەها تەکگەرایی لەلایەن زۆرێک لە تیۆریستە کۆنزێرڤاتیڤەکانەوە بە گومانەوە سەیر کراوە، لە ڕوانگەی ئەوانەوە تاکگەراییی ڕەها، وێرانکردنی ژێرخانی کۆمەڵایەتییە. تاکەکان بوونەوەرێکی ترسنۆک و نائارامن و بەدوای جۆرێک لە سەقامگیریدا دەگەڕێن، کە تەنیا ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتیی هاوبەش دەتوانێت دابینی بکات. ئەگەر تاکگەرایی بریتی بێت لە فەلسەفەی (هەر کەسە و بۆ خۆی) ئەوا زۆر بەسادەیی دەبێتە هۆی پەرتبوون و کۆمەڵگایەکی لاواز و تاکی گۆشەگیر. بۆ نموونە ئەمە هانی نیو-کۆنزێرڤاتیڤەکانی وەک، ئێرڤینگ کریستۆڵ لە ئەمریکا و ڕۆجەر سکروتۆن لە بەریتانیا داوە، کە خۆیان لە حەماسەتی بازاڕی ئازادیی ڕاستڕەوی نوێی لیبراڵ دوور بخەنەوە.

چەمکە سۆسیالیستی و کۆنزێرڤاتیڤەکانی کۆمەڵگە، لەژێر کاریگەریی کۆمەڵناسیی ئەکادیمیدا بوون، کۆمەڵناسان جیاوازییان لەنێوان ئەو فۆڕمانەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا کردووە کە لەناو کۆمەڵگا نەریتی یان گوندنشینییەکاندا گەشە دەکەن و ئەو فۆڕمانەشی لە کۆمەڵگا شارنشینە مۆدێرنەکاندا دەبینرێن. کاریگەرترین تیۆرییش لەلایەن کۆمەڵناسی ئەڵمانی فێردیناند توونیز (١٨٥٥-١٩٣٩) پەرەی پێدرا، جیاوازی کرد لەنێوان ئەوەی ناوی نابوو (کۆمەڵگا) و (پێکەوەیی/یەکیەتی). توونیز ئاماژەوەی بەوە کرد کە پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگا گوندنشینییەکاندا دەبینرین، لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی بەهێز و خۆشەویستی و ڕێزگرتنی یەکترە، بەڵام ئەم هەستە نەریتییە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پیشەسازی و شارنشینییەوە کەوتە مەترسییەوە، کە هەردووکیان بنەمای گەشەی ململانێ و خودخوازی بوون. بەڵام ئەو پەیوەندییە یەکیەتییەی لە کۆمەڵگا شارنشینەکاندا گەشە دەکەن، بە پێچەوانەوە دەستکرد و گرێبەستین؛ ڕەنگدانەوەی خواستی قازانجویستی کەسییە، نەک دڵسۆزییەکی کۆمەڵایەتیی ماندار. کۆمەڵناسی فەڕەنسی ئیمێل دۆرکهایم (١٨٥٨-١٩١٧) بەژدارییەکی کارای هەبوو بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگا ئەویش بە پەرەپێدانی چەمکی (Anomie- بەڕەڵایی کۆمەڵایەتی) کە ئاماژەدانە بە بارودۆخێک، چوارچێوەی کۆد و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بەتەواوی تێک دەشکێن. دۆرکهایم لە کتێبی (خۆکوژی- Suicide[1897] دا، ئاماژەی بەوە کردووە کە بەو پێیەی ئارەزووەکانی مرۆڤ بێسنوورن، تێکچوونی کۆمەڵگا، لاوازیی نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی، سەبارەت بەوەی کامە شێوەی ڕەفتار قبووڵکراوە و کامەشیان قبووڵکراو نییە، ئەگەری زۆرە ببێتە هۆی نائارامیی زیاتر و لە کۆتاییشدا خۆکووشتنی زیاتر. جارێکی دیکە کۆمەڵگا، نەک تاکگەرایی وەک بنەمایەک بۆ سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و بەختەوەریی تاک دەبینرا. لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە فشار لەسەر کۆمەڵگە نەک تاک، مەترسیی زیاتر بەدوای خۆیدا بهێنێت، بەتایبەتی دەکرێت ببێتە هۆی پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی تاک بە ناوی کۆمەڵگا یان ئۆرگانی دەستەجەمعییەوە. ئەمەش بە شێوەیەکی هێڵکاری لە ڕێگەی ئەزموونی دەسەڵاتی فاشیزمەوە دەرکەوت، لە زۆر ڕووەوە فاشیزم دژە-تێزی تاکگەرایییە؛ لە فۆڕمە ئەڵمانییەکەدا گرنگی باڵای (کۆمەڵگەی نەتەوەیی) دەردەخست، ئامانجی سەرەکیی هەڵوەشاندنەوەی چەمکی تاکایەتی و بوونی کەسی بوو لەناو تەواوی کۆمەڵگادا. ئامانجێک کە جیاوازە لە فاشیزم، لە درووشمی نازییەکاندا (هێز لە یەکیەتیدا بوو)، ئەم شێوازەی کە لە ئەڵمانیای نازیدا و لە ئیتاڵیای فاشیستیدا بەکار دەهات، بریتی بوو لە کوشت و بڕێکی تۆتالیتارییانە. دەوڵەتێکی پۆلیسی کە سەرکوتکردن و چەوساندنەوە و دڕندەییەکی بەربڵاوی بەکار دەهێنا، بەڵام تاکگەرا توندڕەوەکان هەندێکجار هۆشدارییان دەدا، کە هەر فشارێک لەسەر جەماوەر کاریگەریی ستەمکارانەی دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی بەها و گرنگیی تاک.

## کۆمۆنیتاریزم[5]

نەریتی کۆمۆنیتاری لە بیرمەندانی یۆتۆپی سۆسیالیستی وەک (ڕۆبەرت ئۆین و پیتەر کرۆپۆتکین)ەوە سەرچاوەی گرتووە، لە راستیدا دەتوانرێت خەمی کۆمەڵگا وەک یەکێک لە تەوەرە بەردەوامەکانی ناو بیری سیاسیی مۆدێرن سەیر بکرێت، کە بە شیوەیەکی جۆراوجۆر لە جەختکردنەوەی سۆسیالیستەکان لەسەر برایەتی و هەماهەنگی پێک هاتووە. باوەڕی مارکسیست بە کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی بێ جیاوازیی چینایەتی، تێڕوانینێکی کۆنزەرڤی بۆ کۆمەڵگا وەک کۆیەکی ئۆرگانیک و ڕێکخراو، کە بەستراوەتەوە بە پابەندبوونی یەکترەوە و تەنانەت لە فاشیسترین پابەندبوونی خۆیدا، پەیوەستە بە کۆمەڵگەیەکی نەتەوەییی ناپەرتەوازە. بەڵام کۆمۆنیتاریزم وەک ڕێبازێکی بیرکردنەوە کە فەلسەفەیەکی سیاسیی تایبەت دەخاتە ڕوو، لە سالانی هەشتاکان و نەوەدەکاندا سەری هەڵدا، بەتایبەتی وەک ڕەخنەیەک لە لیبڕالیزم پەرەی سەند. تیشکی دەخستە سەر ئەو زیانانەی کە بەر ماف و ئازادییەکانی تاک کەوتوون، بەرمەبنای زیادبوونی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا. ئەمەش بووە هۆی پەیدابوونی ئەوەی پێی دەگوترێت "مشتومڕی لیبڕاڵ-کۆمۆنیتاری". زۆر جار ئاماژە بە فۆڕمی (بەرز و نزم)ی کۆمۆنیتاریزم دەکرێت، کە یەکەمیان خەریکی مشتومڕی فەلسەفییە و دووهەمیان کە ناسراوترین کاسایەتیی ئەمیتای ئیتزیۆ نییە، زیاتر خەمی پرسەکانی سیاسەتی گشتییە.

لە ڕوانگەی کۆمۆنیتارییەوە، کێماسیی سەرەکیی لیبڕالیزم، تێڕوانینە لە تاک، وەک یەکەیەکی ناکۆمەڵایەتی و سەربەخۆ، لە گریمانە سوودگەراییەکەدا دەردەکەوێت کە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی عەقڵانی خۆپەرستن، لە کاتێکدا کۆمۆنیتارییەکان بە پێچەوانەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە خود لە کۆمەڵگادا چەسپاوە، بەو مانایەی هەر تاکێک جۆرێکە لە بەرجەستەکردنی بەها و ئارەزووەکانی کۆمەڵگا و مەبەستەکانیشی لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتدا لە قاڵب دراون. ئەمەش سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە نەک هەر پرۆسەی کۆمەڵایەتیکردن، بەڵکوو ئەستەمبوونی چەمکی جیاکردنەوەی ئەزموون و بیروباوەڕی تاک، لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی کە مانایان پێدەبەخشێت. هەڵوێستی کۆمۆنیتارییەکان کاریگەریی تایبەتی لەسەر تێگەیشتمان لە مەڕ دادپەروەری هەیە، تیۆرییە لیبڕاڵییەکانی دادپەروەریی زیاتر مەیلیان بەلای گریمانەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنی کەسی و ڕەفتاری تاکەکەسیدایە، لە کاتێکدا بۆ کۆمۆنیتارییەکان-کۆمەڵخوازەکان، هیچ مانایەکیان

[5] Communitarianism

نییە، چونکە ورووژاندنی بابەتێکی بێگیانە. بۆیە دەبێت تیۆرییە گشـــتگیرەکانی دادپەروەری جێگەی خۆیان بەو تیۆرییانە پڕ بکەنەوە کە بە تەواوی ناوخۆیی و تایبەتن، هاوشـــێوەی پێگەی ئەو هەڵوێســـتەی کە پۆســـتمۆدێرنەکان پێشـــی دەخەن.

کۆمۆنیتارییەکان دەڵێن ئامانجیان ڕاســـتکردنەوەی ئەو ناهاوســـەنگییە لە کۆمەڵگەی مۆدێرن و بیری ســیاســیدا، کە تاکەکان ناخوودویســتانە بە ئەرکی کۆمەڵایەتی و بەرپرســـیـارەتی ئەخلاقییەوە، هـان دەدرێن تەنیـا ڕەچـاوی بەرژەوەندیی خۆیـان و مـافەکانی خۆیان بکەن. لەم بۆشـــاییە ئەخلاقییەدا، کۆمەڵگا بە مانای وشـە لێک هەڵدەوەشێت. بۆیە پرۆژەی کۆمۆنیتاریزم، هەوڵ دەدات بەهـای ئەخلاقی بۆ کۆمەڵگا بگەڕێنێتەوە و لە شـــێوەی نەریتێکدا، کە ســەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ و (ســیاســەتی چاکەی هاوبەش) بنیات دەنێت. بەڵام ڕەخنەگرانی کۆمۆنیتاریزم بانگەشـەی ئەوە دەکەن، کە ئەم هەوڵە هەم کاریگەری کۆنەپەرســـتانە و هەمیش کاریگەری پاوانخوازانەی هەیە، کە کۆمۆنیتاریزنم زیاتر مەیلی کۆنەپەرستانەی هەیە، وەک لەوەی بەرگریکردن لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کۆدە ئەخلاقییەکانی ئێستا بێت. بۆ نموونە فێمینیستەکان ڕەخنەی ئەوەیان لەم ڕەوتە هەیە، کە هانی بەهێزکردنی ڕۆڵی ســـێکســـییەتی نەریتی دەدات لەژێر پەردەی بەرگریکردن لە خێزان.

تـایبەتمەنـدییە پـاوانخوازەکـانی کۆمۆنیتـاریزم، جەخـت لەســـەر ئەرک و بەرپرسیاریەتیی تاک بەسەر ماف و شایستەکانیدا دەکاتەوە.

**بیرمەندە سەرەکییەکان:**

**ئالاسدەیر ماکینتایەر (١٩٢٩-):** فەیلەسووفێکی سکۆتلەندی فەلسەفەی ئەخلاق و ئاکارە، ماکینتایەر پەرەپێدەری فەلســـەفەی نیو-کلاســـیکی و دژە لیبراڵیی کۆمۆنیتـارییە. لە ڕوانگەی ئەوەوە لیبرالیزم بـانگەشـــەی ڕێژەییی ئەخلاقی دەکات و بەم پێیەش ناتوانێت بنەمایەکی ئەخلاقی بۆ ڕێکخســـتنی کۆمەڵایەتی دابنێت. ئەو پێی وایە کە چەمکەکانی "دادپەروەری و فەزیلەت" پەیوەســـتن بە نەریتە فکرییە تایبەتەکان، بۆیە پەرەی بە مۆدێلێک دا، ئەوەی پێی دەگوترێت "ژیانی چاک" کە ڕەگ و ڕیشەکەی لە (ئەرستۆ و نەریتی مەسیحی ئۆگستین و ســانت تۆماس ئەکویناس)دایە. بەرهەمە ســەرەکییەکانی ماکینتایەر بریتین لە ( دوای چـاکە/فەزیلەت – ١٩٨١) و (دادپەروەری بۆ کێ و کـامە عەقڵانییەت- ١٩٨٨) و (سێ بڵاوکراوەی شیکاری ئەخلاقی- ١٩٩٠).

**مایکڵ والّزەر (١٩٣٥-):** تیۆریستێکی سیاسیی ئەمریکییە، والّزەر پەرەی بە جۆرێک لە لیبڕالیزمی کۆمۆنیستی و فرەیی داوە. ئەو گەڕان بەدوای تیۆرییەکی گشتگیر لە دادپەروەریدا وەک بێهوودەیی دەبینێت و ڕەتی دەکاتەوە، لە بری ئەوە بانگەشە بۆ بنەمای (یەکسانیی ئاوێتە) دەکات، بەپێی ئەو بنەمایە دەبێت یاسای جیاواز بۆ دابەشکردنی کاڵا کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەکار بهێنرێت، بەمەش کایەی جیاجیای دادپەروەری دێتە کایەوە. سەرەڕای ئەوە تا ڕادەیەک هاوسۆزیشە لەگەڵ سۆسیالیزمی دیمۆکراسیدا. گرنگترین بەرهەمکانی والّز ئەمانەن: (کایەکانی دادپەروەری – ١٩٨٣) و (لێکدانەوە و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی – ١٩٨٧).

**مایکڵ ساندێل (١٩٥٣-):** تیۆریستێکی سیاسیی ئەمریکییە، ساندێل بە توندی ڕەخنەی لە تاکگەرایی گرتووە، بەتایبەت چەمکی "تاکی بێ ئەرک و بارگران"، ساندێل بانگەشە بۆ چەمکەکانی ژیانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دەکات، کە بە توندی لە کۆمەڵگاکاندا چەسپاون و جێکەوتوون، وە جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەڵبژاردن و ناسنامەی تاکەکەسی لەلایەن "پەیوەندییە ئەخلاقییەکانی"کۆمەڵگاوە پێکهاتە کراوە. هەروەها ساندێل هۆشداریی ئەوەی داوە کە نەبوونی ئەو پێکهاتە و چەسپاوە کۆمەڵایەتییانە بەو مانایەییە، کە دەشێت دیموکراسی بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگە نەگرێت، بۆ ئەمەش پشتگیری لە (کۆماریخوازی مەدەنی) دەکات کە بە نەریتی سیاسیی ئەمریکای دەبەستێتەوە. گرنگترین بەرهەمەکانی ساندێل بریتیین لە (لیبڕالیزم و سنوورەکانی دادپەروەری-١٩٨٢) و (نیگەرانییەکانی دیمووکراسی- ١٩٩٦).

### ٢-٤/٢ تاک لە سیاسەتدا

پرسیارەکان دەربارەی ڕۆڵی تاک لە مێژوودا، بەردەوام مایەیی سەرقاڵی بیرمەندان و فەیلەسووفان بووە، بەڕوونی ئەم جۆرە پرسانە گرنگییەکی زۆریان لە لێکۆڵینەوەی سیاسیدا هەیە. ئایا دەبێ شیکاری سیاسی سەرنج بخاتە سەر خواست و کردەوەی تاکەکان، یان باشترە بەدوای ئەو هێزە ناوەکییانەدا بگەڕێت کە ڕەفتاری تاکەکان پێک دەهێنن؟ بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتادا دەکرێت دوو ڕێبازی دژیەکی بنەڕەتی ئاماژە پێ بکەین.

یەکەمیان، سیاسەت بە تەواوی لە ڕووی کەسییەوە دەبینێت و پیی وایە، کە مێژوو لەلایەن تاکەکانەوە درووست دەکرێت، کە لە ڕاستیدا ویستی خۆیان لەسەر پڕۆسەی سیاسیی دەچەسپێنن. ڕێبازێکی لەم چەشنە جەختکردنەوەی

لەسـەر (پیاوە مەزنەکان) و کردەوەکانیان بە ڕوونی دیارە، لەم ڕوانگەوە سیاسەتی ئەمەریکا کورت دەکاتەوە لە خودی سەرۆکەکانی وەک (ڕۆزڤێڵت و کێنەدی، ڕێگان و بۆش)، لە کاتێکدا سیاسەتی بەریتانیاش لە ڕێگەی کەسایەتیی سـەرۆکوەزیرەکانی وەک ( چەرچڵ، وێڵسـن، تاچەر و بلێر...) دەبینێت. ئەم ڕێبازە لە توندترین فۆرمی خۆیدا بۆ سیاسەت بووە هۆی بنەمای دروستبوونی سـەرکردە فاشـیسـتەکان، لەژێر کاریگەریی بیرۆکەی فرێدریش نیچە بۆ "سـووپەرمان"، سـەرکردەکانی وەک هیتلەر و مۆسـۆلۆنییان بە کەسـێکی بەهرەمەندی باڵا، هێزی تەواو، هەمووشـتزان، نیشـان دەدا. بەڵام تێڕوانینی سیاسەت تەنیا لە ڕووی کەسایەتی و سەرکردایەتییەوە و وێڵکردنی فاکتەرە کولتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان، کە بێگومان کاریگەرییان هەیە لەسەر داڕشتنی پێشهاتە سیاسییەکان. جگە لەوەش وای دەردەخات کە تاک بە ئامادەگییەوە دێتە جیهان و هیچ شتێک قەرزداری کۆمەڵگا نییە، بەهۆی ئەو خاسییەت و بەهرە و لێهاتوویەی هەیەتی.

ڕێبازی دووهەمیان بە تەواوەتی تاک دادەبڕێت و پێی وایە مێژوو لەلایەن فاکتەری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ... لە قاڵب دەدرێت، واتا تاک وەک ئەکتەرێک هیچ پێگە و بایەخێکیان نییە و تەنیا وەک بووکەڵەیەک مامەڵە دەکەن، نموونەی ئەم ڕێبازە لە تیۆرییە خام و میکانیکییەکانی مارکسـیزمدا دەرکەوت، کە لە یەکێتیی سۆڤییەت و دەوڵەتە کۆمۆنیستەکانی تردا پەرەیان سەندبوو. ئەمەش بنەمای باوەڕێک بوو بە دیتێرمینیزمی ئابووری ناسـێنرا؛ بەو واتایەی ژیانی سـیاسـی، یاسـایی، هزری و کولتووری، وا دادەنرا کە بە "شـێوازی ئابووریی بەرهەمهێنان" دیاری دەکرێت. بۆیە کۆی مێژوو و هەموو لایەنەکانی ڕەفتاری تـاک لە ڕوانگەی گەشـەی خەبـاتی چینـایەتییەوە دەبینرا. بەڵام ئەم جۆرە تیۆرییانە لەسـەر ڕووانگەیەکی یەکالایی تا ڕادەیەک "پاڤلۆڤی" بۆ سـروشـتی مرۆڤ دامەزرابوو، کە ڕێگە بە بوونی ناسـنامەیەکی کەسـی، یان هیچ جۆرە ویسـتێکی ئازاد نادات. سـەرەڕای ئەوەش دەرخەری باوەڕە بە حەتمییەتی مێژوویی کە تەنانەت هەر جۆرە مەعریفەیەکی ڕاگوزەر لە سیاسـەتدا دەیخاتە ژێر گومانەوە. بەڵام ئەمە بە کوێمان دەگەیەنێت؟ ئەگەر تاکەکەن نە سەروەری مێژوو بن و نە بووکەڵەی کۆنترۆڵی ئەو مێژووە، چ مەودایەک بۆ کرداری تاک دەمێنێتەوە؟ لە هەموو بارودۆخێکدا دەبێت هاوسـەنگییەک لەنێوان فاکتەری کەسی و ناکەسیدا هەبێت.

یەکەم، ئەگەر تاکەکان بەشـداری کایەی سـیاسـەت بکەن، ئەوا لەژێر هەندێک بـارودۆخی زۆر تـایبەتی هزری، دامەزراوەیی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەو کارە دەکەن، لە پلەی یەکەمدا پەیوەندیی نێوان تاکەکان و میراتی کولتوورییان

هەیە. ســەرکردە ســیاســییەکان بە دەگمەن بیرمەندی ڕەســەن و مەزنن، بۆ نموونە لینین وەک نموونەیەکی جیاواز. بۆیە ســیاســەتمەدارانی پراکتیکی لە ڕەفتـار و بڕیـاردانیـانـدا زۆر جـار بەبێ ئەوەی بزانن، ڕێنمـایی دەکرێن، بەو شـتەی کە ئابووریناس کینز بە "زانسـتی خوازراو" ناوی دەبات، واتا مەرگرێت تـاچەر، تـاچەریزمی دانەهێنـاوە، هەروەک چۆن ڕۆنـاڵد ڕیگـانیش، ڕیگـانیزمی دانەهێناوە و لە هەردوو باردا، بیرۆکەکانیان پشـتیان بە ئابووریی کلاسـیکی ئـادەم ســمیس و دەیڤـد ڕیکـاردۆ (١٧٧٢-١٨٢٣) بەســتبوو، وە لەلایەن ئابووریناسـانی سـەدەی بیسـتەمی وەک هایک و فریدمانەوە، نوێ کرابووەوە. بیر و فەلســەفە و ئایدۆلۆژیاکان، ڕوونە لە ژیانی ســیاســیدا گرنگییان لە دەستەڵات و سەرکردایەتی و کەسایەتی، کەمتر نییە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ســیاســەت تەنیا لەلایەن ئەو تاکانەی لە بنەڕەتدا خاوەنداریەتیی بیرەکان دەکەن لە قاڵب دەدرێت و شــێوە وەردەگرێت، بێگومان بیری بیرمەندانی وەک ڕۆسـۆ و مارکس و کینز و هایک، مێژوویان گۆڕیوە، هەم وەک ئیلهامبەخش و هەمیش بە ڕێنمایی کردەی ســیاســی. لەگەڵ ئەوەشــدا، ئەم تاک بیرمەندانە خۆیان لەژێر کاریگەریی نەریتە فکرییەکانی ســەردەمەکەیاندا بوون، هەروەها لەژێر کاریگەریی بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی فەرمانڕەواکاندا بوون. بۆ نموونە میراتی هزری سیاسیی کارڵ مارکس بەسەر بەشێکی زۆری سیاسەتی سـەدەی بیسـتەمدا زاڵ بووە، تیۆرییەکانی لەسـەر بنەمای بیرۆکە هەبووەکانی ئەوکاتە بنیات دەنێت، بەتایبەتی فەلسـەفەی هیگڵ و ئابووریی سیاسیی سمیس و ڕیکاردۆ و بیرۆکەی سۆسـیالیستە سـەرەتاییەکانی فەڕەنسـی وەک (سـانت سیمۆن و فۆریە).

دووهەم، جۆرێک لە پەیوەندی لەنێوان تاک و دامەزراوەکاندا هەیە، زۆر جار جیاوازیکردن لەنێوان کاریگەرییە کەسـییەکانی سـەرکردەیەکی سیاسـی و ئەو دەســـتەڵاتە یان کاریگەرییەی لە ئۆفیســـەکەیەوە وەریدەگرێت، ئەســـتەمە. بۆ نموونە دەســتەڵاتی ســەرۆکەکانی ئەمریکا و ســەرۆکوەزیرەکانی بەریتانیا لە بنەڕەتدا لە ئۆفیســـەکەیانەوە وەرگیراوە، نەک لە کەســـایەتییانەوە. بە هەمان شــێوە ڕەنگە کەســـایەتیی ســەرکردەکانی ســۆڤییەت گرنگییەکی کەمتری هەبووبێت لەسـەر سیاسـەتی سۆڤییەت، وەک لە مۆنۆپۆڵی دەسـتەڵاتی حیزبی شیوعی، ئاخر حیزب سـەرچاوەی دەستەڵاتی بەرفراوانی سـەرکردە بوو. ئەمە بوو مەبەسـتی کۆمەڵناسـی ئەڵمانی ماکس ڤیبەر (١٨٦٤-١٩٢٠) کاتێک ئەوەی خستە ڕوو، لە کۆمەڵگا پیشەسازییە مۆدێرنەکاندا دەستەڵاتی یاسایی-عەقڵانی تـا ڕادەیەکی زۆر فۆرمەکـانی دەســـتەڵاتی کـاریزمـاتیـک و نەریتی پەراوێز خســتووە. بەرمەبنای ئەمە ڕەنگە تاک ســەرکردە ســیاســییەکان، گرنگییەکی

کەمتریان هەبێت لەچاو ئەو پارتانەی سەرکردایەتی دەکەن و ئەو دامەزراوە حکوومییانەی کۆنترۆڵیان دەکەن و ئەو دەستوورەی بەکاری دێنن. لەگەڵ ئەوەشدا تاک سەرکردەکان دەتوانن جیاوازی دروست بکەن. بۆ نموونە گومانی تێدا نییە کە دەستەڵاتە دامەزراوەییەکان تا ڕادەیەک لاستیکین و سەرکردەیەک کە خاوەنی پاڵنەر و وزە و بیرێکی تەیبەتە، دەتوانێت مەوداکەی فراوان بکات و کەمێک لە لاستیکەکە بکشێنێت. ئەمە بوو مەبەستی ئێچ.ئێچ ئاسکوێس (١٨٥٢-١٨٢٨) ئاشکرای کرد، کە ئۆفیسی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، ئەوەیە کە خاوەنەکەی هەڵیدەبژێرێت و دروستی دەکات. بێگومان سەرۆکوەزیرانی کاریزما و بەئیرادە دەتوانن دەستەڵاتی نووسینگەکەیان تا ئاستێک درێژ بکەنەوە، وەک تاچەر لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٩ بۆ ١٩٩٠. وە سەرۆکەکانی ئەمریکا، وەک ڕۆزڤێلت و لیندۆن جۆنسن، توانیان بە بەکارهێنانی لێهاتوویی و سیفەتی کەسی دەستەڵاتی ئۆفیسەکەیان درێژ بکەنەوە. بێگومان لە بارودۆخی دیکەدا سەرکردەکان یارمەتیدەر بوون لە دامەزراندن و داڕشتنەوەی ئەو دامەزراوانەی سەرکردایەتی دەکەن، بۆ نموونە لینین لە ساڵانی ١٩٠٣ حیزبی بەلشەفی دامەزراند و لەنێوان شۆڕشی ١٩١٧ و مردنی لە ساڵی ١٩٢٤دا، بەرپرسیار بوو لە دروستکردنی دامەزراوەکانی حکوومەتی سۆڤییەت و لە قاڵبدانی پێکهاتە دەستوورییەکەی. لە دۆخی دیکتاتۆریدا سەرکردەکانی وەک هیتلەر لە ئەڵمانیا و پێرۆن لە ئەرجەنتین و سەدام حوسێن لە عێراقدا، هەوڵیان داوە دەستەڵاتی ڕەها بەکار بهێنن بە ڕزگارکردنی خۆیان لە هەر چوارچێوەیەک کە دەستوور ڕێگەی پێداون و بۆی دیاری کردوون، واتا هەوڵیان داوە تەنیا لەسەر بنەمای دەستەڵاتی کاریزماتیک حوکم بکەن.

سێهەم، جۆرێک لە پەیوەندی لەنێوان تاک و کۆمەڵگادا هەیە، بۆچوونێک هەیە دەڵێت، ناتوانین لە هیچ تاکێک تێبگەین ئەگەر دایببڕین لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی. هیچ مرۆڤێک بە فۆرمێکی ئامادەگیی پێشوەختەوە نایەتە بوون، وەک بەشێک لە سۆسیالیستەکان جەخت لەسەر گرنگیی "جەوهەری کۆمەڵایەتی" دەکەنەوە، بەتایبەتی بە لای ئەوەدان کە ڕەفتاری تاک وەک نوێنەری هێزە کۆمەڵایەتییەکان یان بەرژەوەندییەکان دەبینێت. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا لە توندترین شێوەی خۆیدا، ڕووانگەیەکی لەم شێوەیە تاک تەنیا وەک بووکەڵەیەکی دەستی هێزە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان دەبینێت و هیچی دیکە نا. هەرچەندە مارکس خۆی بەژداری لە هیچ دیتێرمینیزمێکی تەسک(چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو)دا نەدەکرد، بەڵام بە دڵنیاییەوە پێی وابوو مەودای کارکردنی تاک سنووردارە و هۆشداری دا لەوەی کە «نەریتی هەموو مردووە پێشینەکان، وەک کابووسێک قوورسایی لەسەر

مێشـــکی زیندووەکان هەیە». بەڵام ســـیاســـەت توانایەکی ناکۆتای هەیە بۆ ســـەرســـامکردن و تێکەڵکردنی هەموو پێشـــبینییەکان، ڕێک لەبەرئەوەی چالاکییەکی کەسییە. لە کۆتاییدا سیاسەت لەلایەن تاکەکانەوە دروست دەکرێت، تاکەکان بە ڕوونی بەشـێکن لە پرۆســەی مێژوویی، بەڵام ســەرەڕای ئەوەش خاوەنی جۆرێک لە توانان بۆ دارشـــتنی ڕووداوەکان بەپێی خەون و ئایدیای خۆیان. بۆ نموونە ئەستەمە باوەڕمان بەوە هەبێت کە ڕەوتی مێژووی ڕووسیا کاریگەری لەســـەر نەدەبوو ئەگەر بێت و لینین هەرگیز لەدایک نەبووبا، بە هەمان شـێوە ئەگەر ڕۆزڤێلت لە ســاڵی ١٩٢٠ بە نەخۆشــی ئیفلیجی منداڵان کۆچی دوایی کردبا، ئایا هەرگیز ئەمریکا ئەو کاردانەوانەی دەبوو، بەهۆی ئەو نەهامەتییانەی لە جەنگی جیهانیی دووەمدا بەســەری هات؟ ئایا ســیاســەتی هەشـــتاکانی ســـەدەی ڕابردووی بەریتانیا بە هەمان شـــێوە دەبوو، ئەگەر مارگرێت تاچەر بڕیاری بدایە لە بەری ئەوەی بچێتە ناو ســـیاســـەت، ببێتە پارێزە؟ ئایا ئەگەر جۆن سمیس لە ساڵی ١٩٩٤ نەمردبایە و تونی بلێر شوێنی نەگرتبایەوە، نوێخوازی "پارتی کرێکاران" هەروا بەردەوام دەبوو؟

**سەرچاوە**: ئەمە پاژی سێیەمە لە بەشی یەکەمی کتێبی

Political Theory An introduction,“ Andrew Heywood”

Third Edition